## دەقی ووتەی نوێنەری سەنتەری منالاَن "ئازاد احمد" لە کۆنفرانسی نیو نەتەوەیی لە شاری تۆکیۆی یابان

**بەشداربوانی بەریز**




**لە سەرەتادا بە گەرمی سوپاسی ریکخەرانی کۆنفرانس دەکەم بۆ بانگیشتی رەسمی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەدا و بۆ پیدانی ئەم فرسەتە بە ئیمە تا لەم مینبەرەوە بتوانین سەرنجتان بخەینە سەر کیشە و گرفتەکانی منالانی عیراق، وە سوپاسی ئیوە بەشدارانی کۆنفرانس دەکەم.**

**ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان باوەرمان وایە کە(** رەفتارو مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ منالاندا، گرنگترین پیوەری پیشکەوتوی و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایەیە ، منالان لە هەموو شتیك گرنگترن ، وە لە پیشترن لە هەر بەرژەوەندییەکی ئایدۆلۆژی، ئابوری ، سیاسی و ئاینی).

**من نامەویت لە سەر سەنتەری منالان قسەتان بۆ بکەم چونکە ئەو فرسەتەم نیە،بەلام ئەمەی ووتم مەبنا وشیوازی بیر کردنەوە و سەرچاوەی چالاکیەکانی ئیمەیە لە عیراق.**

**ئەگەر ئەمرۆ سەیری وەزعی منالانی عیراق بکەین دەبینین کە تا ئاخر دەرەجە وەزعی منالان خراپە.لەم ماوە کورتەی کە من هەمە ناتوانم لە سەر هەموو ئەو موعانات ومەشاکیلانەی کە منالی عیراقی هەیەتی، قسە بکەم.تەنها دەتوانم چەند ئامار و ئەرقامیکتان بدەمی کە کە لە ریگەیەوە دەتوانن خۆتان درك بە وەزعی خراپی منالان بکەن لە عیراقی ئەمرۆدا.**

***بە پیی دوایین راپۆرتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمرۆ عیراق بووە بە یەکیك لەو ولاتانەی کەتیایدا منالان چەکدار دەکرین و لە بەرەکانی شەردا بەکوشت دەدرین وهەروەها بۆ کاری خۆتەقینەرەوانە بە کاردەهینرین لە لایەن حیزبە ئیسلامی و قەومی ومیلیشیاییەکانەوە.**






***بەکار هینانی توند و تیژی لە دژی منالان لە عیراق بە شیوەیەکە کە لە تەسەوری هیچ کامماندا نیە، لە قوتابخانە ومال و بازار و مەعمەل ولە هەر شوینیك لە منالان دەدریت و ئیهانە و سوکایەتیان پی دەکریت و دەست و قاچیان داخ دەکریت و.........هتد.**

*کار کردن بە منالان لە عیراقدا بە شیوەیەکە کە هەر کەس رۆژانە و هەر لەحزەیەك بیەویت بە چاوی خۆی دەبینی کە منالان قورسترین کاریان پی دەکریت.
* دەست دریژی سیکسی بۆ سەر منالان بە دەرەجەیەکی گەورەیە، ئیمە نمونەی وامان لایە کە لە بەغداد لە ژیر سەرپەرشتی سەنتەر دایە وهەروەها منالانی کچی تەمەن 10-12 سالە دەبینرین کە دەست دریژیان کراوەتە سەر و دوو گیان بوون.
*فەرهەنگ و قانوون لە عیراقدا بە هیچ شیوەیەك لە قازانجی منالان نیە و بە پیچەوانە لە ژیر سایەی فەرهەنگ و قانوونی عیراقدا، منال بە ئینسانی دەرەجە دوو و دەرەجە سی حساب دەکریت.
*ئەو منالانەی کە تلیاك و سیکۆتین ومخەدیرات دەخۆن ئەمرۆ ژمارەیان لە هەموو کاتیك زیاترە لە عیراق، بە پیی راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی عیرااقی لە 80٪ ی ئەو 7000 کەسەی کە تەنها لە شاری بغداد تلیاك دەخۆن منالانی تەمەن کەمتر لە 16 سالن.ئەوە ئەگەر ئەم ئامارەی وەزارەتی تەندروستی وورد و دەقیق بیت.
*شەر و تەقینەوەکان و کوشتن و پارچە پارچە  بوونی ئینسان ، کە هەموو رۆژی لە عیراق روو دەدات و بەشیك لەم قوربانیانە راستەوخۆ منالانن وئەو بەشە لە منالانیش کە شانسی مانەوەیان هەیە قوربانی دریژایی تەمەنیانن کە بە دەست ئاسەوارە خراپەکانی نەفسی و رۆحی و جسمی و ...هتد ، دەنالینن.
*منالانی سەر جاددە کە لە نەتیجەی شەرو شۆرە زۆرەکانی چەندین سالی رابردووی عیراقەوە بە وجود هاتوون، بە شیوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە کە بە داخەوە لەم بارەیەوە ئاماریکی دەقیق لە بەر دەستدا نیە، بەڵام بە پێی ئامارە غەیرە ڕەسمییەکان منالانی بێسەرپەرشت تەنها لە شاری بەغداد لە نێوان 1200 تا 1400 منالە.
*هەژاری ، نەبوونی ئاوو کارەبا ویاریگا، نەبوونی ئەمنیەت ، نەبوونی قوتابخانە و دایەنگا و باخچەی ساوایان و دکتۆر و دەرمانی پیویست،وازهینان لە خویندن،دەرس دادانی منالان لە حوجرە و مزگەوتەکانی حیزبە ئیسلامیەکان و ترساندن و جەهل و خورافە خستنە ناو میشکیانەوە،وجودی نەخۆشی زۆر و بی چارەسەر لە عیراق، ...............هتد ، ئەمانە ئەو کیشە گرفتە سەرەکیانەن کە منالی ئەمرۆی عیراق بە دەستیانەوە گیرۆدە یووە.
کە لە هەمان کاتدا دەبی ئەو کاریگەریە سلبیەی دەیان سالی رابردوو لە بەرچاو بگرین کە  کە لە ئاکامی شەرە بەردەوامەکانی بەعس و گەمارۆی ئابووری و.......هتد ،کۆمەلگای  عیراق وئینسانەکانی ئەم کۆمەلگایەی بە شیوەیەك تیك شکاندووە کە تەسەور ناکریت.
ئیمە وەکو سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان و وەك بەشیك لە کۆنگرەی ئازادی عیراق،بە تەواوی درك بەم وەزعە خراپەی منالان دەکەین و پیمان وایە کەبەشیکی گەورە لەوەی کە پیی دەووتری گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ بۆ کۆمەلگای عیراق، یانی باشتر کردنی وەزع وژیانی منالانی عیراق وگیرانەوەی مافەکانیان.
هەر لەم روانگەیەوە بوو کە لە دوای دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە مارسی رابردووا، بە شیوەیەکی چالاکانە تر لە رابردوو هاتینە مەیدانەوە وتوانیومانە کە ئەم کارانەی خوارەوە بە ئەنجام بگەیەنین:
*یارمەتی دانی زیاتر لە 300 منال لە شارەکانی بەغداد و کرکوك.
*یارمەتی دانی ژمارەیەکی تر لەو منالانەی کە نەخۆشیان هەیە و تلیاك خۆرن .
*لە راستای کردنەوەی شلتەر بۆ منالانی بی سەر پەرشت کاری جددیمان کردووە.
لە ریگای چالاکی و سەردانەکانمانەوە بۆ قوتابخانە و خەستەخانە و بازار و شوینە گشتیەکانەوە ،توانیومانە بە شییوەیەکی بەرچاو سەرنجی گەورەکان بە لای منالان و کیشەکانیان رابکیشین ووایان لی بکەین کە دەست هەلبگرن لە لیدانی منالان وبە

شیوەیەکی ئینسانی هەلس و کەوتیان لە گەلدا بکەن، کە لەم بارەیەوە بۆ نمونە لە شاری کرکوک سەردانی خویندنگەی سارا و ئەو خویندنگەیەمان کردووە کە سەناریا تیایدا دەخوینی ولە سەر ئەو شیوازە خراپە قسەمان لە گەلدا کردوون کە توند وتیژی بەکار دەهینن لە گەل منالان و توانیومانە وایان لی بکەین کە واز لە لیدان لە منالان بهینن و لەم کەمپەینەماندا نزیک بە 1000 منال قازانج مەند بوون.

* لە باری راگەیاندنەوە رۆژنامە و سایتی ئینتەرنیتیمان هەیە و لە سەر زۆر رووداوی محلی وجیهانی بەیانمان داوە .

*لە ئاستی جیهانیدا لە نزیک لە 10 وولات لە ئەوروپا و کندا ...هتد، نوسینگە ونوینەرایەتیمان هەیە و چەندین کار و پرۆژەی جۆراو جۆرمان بە ئەنجام گەیاندووە لە پیناوی کاریگەری دانان لە سەر جالیەی عیراقی و جالیەکانی تر و خەلکی ئەو وولاتانە.کە بەشی دەرەوەی سەنتەر لە لایەن شیرزاد فاتح یەکیک لە دامەزرینەرانی سەنتەرەوە سەرپەرشتی دەکریت.

ئیمە لە سەنتەری منالان بۆ قۆناغی داهاتوو کۆمەلیك بەرنامە وپرۆژەی جۆراو جۆرمان بە دەستەوەیەلەوانە وەستانەوەمان لە بەرامبەر بە بەکارهینانی توند و تیژ لە دژی منالان ولایەنی راگەیاندن و دەرەوەی عیراق وکۆمەلیکی زۆر کار و چالاکی جۆراو جۆر لە پیناو ناساندنی زیاتری کیشەکانی منالان بە حکومەت و کۆمەلگا و گەورە سالان وریکخراوە ئینسان دۆست و ئازادی خوازەکان و لایەنەکان و........هتد.

وە یەکیک لە پرۆژە گەورەکانمان کە بە نیازین لەم سالدا بیکەینەوە ، بریتیە لە کردنەوەی شلتەر بۆ منالانی بی سەر پەرشت و تلیاکی ،لە شارەکانی بەغدا و کرکوک و سلیمانی ، کە لەم بارەیەوە لە گەل چەندین لایەن پەیوەندیمان گرتووە و لە سلیمانی لە گەل شارەوانی سلیمانیدا ئەم مەوزوعەمان باس کردووە و داوای دابین کردنی پارچەیەك ئەرزمان کردووە بۆ سەنتەر کە تا ئیستا وەلامی یەکجاریان نەداوەتەوە.

ئیمە وەك سەنتەری منالان و منالانی عیراق پیویستی زۆرمان بە بە یارمەتی ماددی و هەموو جۆرە هاوکارییەکی تر هەیە ، من بە ناوی سەنتەری منالانەوە داوا لە هەموو ئیوە و لە ریکخراوە ئینسان دۆست و ئازادی خواز و هەروەها داوا لە کۆنفرانس دەکەم کە یارمەتی منالانی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بدەن،

لە پیناو کۆتایی هینان بەژیانی مەئساوی منالانی عیراق ودابین کردنی ژیانیکی ئارام و خۆش گوزەران ،وە ژیانیکی وا کە منالان وەك منال بتوانن بژیەن.

سوپاس

2006/2-1 تۆکیۆ -یابان